# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٢٠ ■ هەینی، ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠٥ _ ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا خاوەن بڕیار و دەورگێڕ بووە، نە لەم ئاگربەست و ڕێککەوتنە کاتییەی کە باس دەکرێت و هێشتا بەفەرمی ڕانەگەیەندراوە، پشکی هەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەم وەرچەرخانە لە ناوچەکەدا ڕووداوێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ جا چ بە بەردەوامیی شەڕ بێت یان بەم ڕێککەوتنە لەرزۆکە. هۆکاری وەسفکردنی ئەم ڕێککەوتنە بە لەرزۆک و دەڵەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان لەم قۆناغەدا نەگەیشتوونەتە ئەو ئامانجە ستراتیژییانەی کە شەڕەکەیان لەپێناودا بەرپا کرد.



بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە ئێران کە حیزبی دێموکرات ڕۆڵی پێشەنگی تێدا دەگێڕێ، هەمیشە دەستی دۆستایەتی و هاوخەباتیی بۆ باقیی خەڵکی ئێران درێژ کردووە. حیزبی دێموکرات پێی وایە هیچ سیستەمێکی سیاسی و سەقامگیر لە ئێرانی داهاتوودا بەبێ بەشداریی هەموو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران نە پێک دێ و نە ئەگەر پێکیش بێ، بەردەوام دەبێ. بۆیە بۆ گەیشتن بە دۆخێکی ئارام و ئاشتیخوازانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی یەکتر، تەنیا ڕێگا یەکتر قبووڵکردن و دەستی هاوکاری بۆ یەک درێژ کردنە.

## ڕێککەوتنی خراپ لەگەڵ ئێران و خولانەوە لە بازنەدا

# دوا زەبری خستن هەر خەڵکە لە کۆماری ئیسلامیی دەدا




سەر وتار

## قازانجەکانی ڕێکنەکەوتن لە زیانەکانی ڕێککەوتنێکی خراپ

شەڕی ١٢ ڕۆژە و دواتر شەڕی ٣٩ ڕۆژە کۆماری ئیسلامیی بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لاواز کردووە، بۆیە ڕێککەوتنێکی بەپەلە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندیی ڕێژیمە. لەخۆڕا نییە زۆر لە کارناسانی سیاسی و تەنانەت کەسانێکی وەک کۆندالیزا ڕایس، ڕاوێژکاری ئەمنییەتیی پێشووی کۆشکی سپی ڕایان وایە لە بارودۆخی ئێستادا ڕێکنەکەوتن زۆر باشترە لە ڕێککەوتنێکی خراپ کە ڕێژیمی پێ ببووژێتەوە و بەوەش سەرکوت و قەڵتوبڕی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و شەڕهەڵایسێنییەکانی ڕێژیم لە ناوچە بەردەوام بن.

شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا ئەو ڕێژیمەی لێ نەکەوتۆتەوە. ڕاستە توانای نیزامی، ئەمنییەتی و هەژمۆنیی ڕێژیمی لە ناوچەدا لاواز کردووە، بەڵام ماهییەتی ڕێژیم هەر لەجێی خۆیەتی. بۆیە ئەگەر ئەمریکا پێی وابێت کە بە ڕاگرتنی ئەو دۆخە لە چوارچێوەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا دەتوانێ پێشی ملهوڕییەکانی ئێران بگرێت، هەڵەیەکی گەورە دەکات، بەتایبەت ئەگەر بیهەوێ گەمارۆکانی لەسەر لا ببات، یان پارە بلۆکەکراوەکانی ڕێژیم بخاتەوە بەردەستی؛ وەک چۆن کۆماری ئیسلامی توانی لەسۆنگەی نەرمینواندنەکانی "ئۆباما" و ئازادکردنی بە میلیارد دۆلار پارەی دەستبەسەرداگیراوی ئێران لە سەردەمی سەرکۆماریی "بایدەن"دا توانی پەرە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و پیشەسازیی مووشەکیی خۆی هەتا ئەم ئاستەی ئێستا بدات.

خاڵێکی دیکەی ڕێککەوتنی خراپ پشتگوێخرانەوەی خەڵکی ئێرانە. ئەوە ئەرکی سەرشان و بەرپرسایەتیی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت وڵاتی ئەمریکایە کە خەڵکی ئێران لە سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی بپارێزن؛ بەتایبەت کە دۆناڵد ترامپ لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەم تۆوی هیوای لە دڵی خەڵکانی ئێراندا چاندبوو، هەم ئەوانی بۆ دژایەتیی ڕێژیم لەسەر شەقامەکان هان دابوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ماوەی دەسپێکی شەڕ و لە سێ مانگی ڕابردوودا نیزیک بە ٤ هەزار چالاکی سیاسی و مەدەنیی دەستبەسەر کردووە، ٢١ زیندانیی سیاسیی لە بەندیخانەکاندا ئێعدام کردووە، بە مەبەستی سەرکوتی بزووتنەوە ئێعترازییەکان نەک هەر دەستی هەموو هێز چەکدارە کۆک و پۆشتەکانی ئاوەڵا کردووە، هێزە نیابەتییەکانی لە وڵاتانی ناوچەشی بۆ زەبروزەنگی زیاتر هێناوەتە ئێران. هەژاری، بێکاری، گرانیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و دەیان قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دەربازبوون لەو دۆخە پتر لە هەرکاتێک دەور و نەخشی خەڵکانی ئێرانی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز کردووە. نەتەوەکانی ئێران لەمێژ ساڵە چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی ڕێژیم جیا کردووەتەوە. بایکۆتی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان و بۆنە حکوومەتییەکان بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، ڕاپەڕینی ژینا لە ١٤٠١ و سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکان لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوو بەئاشکرا خواست و ئامانجەکانی خەڵکانی ئێران ئاشکرا دەکەن. بۆیە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و ماف و داوای نەتەوەکانی ئێران لە دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێراندا ئەو فاکتەرە غایبەن کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لەپێناو مانەوەیدا قازانجی لێ کردووە.

دوا بزمار لە تابووتی ڕێژیم خەڵکی ئێران لێی دەدەن و ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ و پاڵپشتی بن.

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئامانجە سیاسییەکانی کوردەکان لە بنەڕەت ڕا جیاوازیی لەگەڵ ئامانجی هێزە بیانییەکان هەیە



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، تێکۆشەری دێرینی حیزب و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (The Amargi) ڕایگەیاند لە شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسڕائیل لەگەڵ ئێراندا کوردەکان ڕاوێژیان پێ نەکرا و ئەوەش کە دەگوترێ ئەم شەڕە شەڕی کورد نییە هیچ لە ڕاستییەکان ناگۆڕێ چونکە نە کورد لە هێرشەکانی ئێران دەپارێزێت و نە دەیانکاتە هاوپەیمانی باوەڕپێکراوی ئەمریکا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئامانجە سیاسییەکانی کورد لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئامانجی هێزە دەرەکییەکاندا جیاوازن. بەڕێزیان شەڕی ئێران و عێراقی بیر هێنایەوە کە لەو کاتیشدا کوردەکانی ئێران هەوڵیان دەدا خەباتی خۆیان لە شەڕی دەوڵەتی عێراق جیا بکەنەوە؛ چونکە عێراق بەدوای ئامانجی داگیرکردنی خاک، دەسەڵاتی ناوچەیی و ژێئۆپۆلۆتیکی خۆیدا دەگەڕا، لە کاتێکدا کورد بۆ مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆی شەڕی ئێرانی دەکرد.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی ئەو دیمانەیەدا باسی لەوە کرد کە سەرەڕای چاوەڕوانیی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆ چوونەوەی هێزی پێشمەرگە، بەڵام بڕیاری لەو شێوەیە لە دۆخی ئێستادا مەرج نییە حەتمەن گۆڕانی یەکلاکەرەوە لە شەڕەکەدا بەدی بێنێت. بۆیە لە نەبوونی گەرەنتی سیاسی و نیزامی لە لایەن هێزە ڕۆژاواییەکانەوە لەم قۆناغەدا خۆپاراستن لێی بڕیارێکی دروستە.

مامۆستا بەراوردکاریی دۆخی ئێستای ئێران بە دۆخی عێراقی ١٩٩١ی ڕەت کردەوە و باسی ئەوەی کردووە کە لە عێراقی ئەوکاتدا سوپا لە حاڵی دارماندا بوو، ڕاپەڕینی بەربڵاو دەستی پێ کردبوو و دەوڵەتی ناوەندی لە لێواری ڕووخاندا بوو، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو قۆناغەدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەبوو لە داڕشتنەوەی دۆخی دوای شەڕ و پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیۆن و کورد؛ بابەتێک لە ئێستای ئێراندا نایبینین. مامۆستا ئەوەشی باس کردووە کە هەتا ئێستاش ئەمریکا ستراتیژیی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی نییە، چونکە ئەگەر وا بووایە دەبوو واشنگتۆن هاوپەیمانی نێوخۆیی جیددیتری لە ئێراندا دروست بکردایە کە نەیکردووە.


کوردستان مەکۆی هەستان و بەرەنگارییە
حەسەن شەرەفی
٢

زمانی دایکی، ڕەگی کولتووری و بوونی مرۆڤ
شاهین مودەڕیس
٤

ئێران دەتوانێ چ وانەیەک لە هیند فێر بێت؟
ئیبراهیم لاجانی
٦

سیاسەتی نکۆڵی و گۆڕبزریی بەندییە سیاسییەکان
ئاسۆ ساعێدی
٨

ژن و قەیرانی شەڕ
ئاسۆ مینبەری
٩

